# مەخموور دەنگی

خاوەنی ئیمتیاز
**جەمیل سنجاوی**

سەرنووسەر
**بەختیار محەمەد**
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com


## "بارزان سەید کاکە"
## حەز بەدەنگی هانی دەکاتو دوو جاریش خۆشەویستی کردووە



بارزان سەید کاکە ٣٧ەمین قایمقامی قەزای مەخموورە، ساڵی ١٩٧٢ لەگوندی (میرزا ئاغا)ی ناوچەی قوشتەپە لەدایکبووە، دەرچووی هەردوو کۆلیجی ئەدەبیاتو کۆلیجی مافە، دوو منداڵی هەیە بەناوی (هەستیو هەڵشۆ)، خێزانەکەی (دەشنێ ئەحمەد) توێژەری کۆمەڵایەتییە، بارزان سەید کاکە لەساڵی ٢٠٠٧ەوە قایمقامی قەزای مەخموورە، لەگۆشەی تایبەتی ئەمجارەدا وەڵامی سەرجەم پرسیارە تایبەتییەکانمان دەداتەوە.

٦ ⬅

ژمارە (٣٠) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار هەینی ١٥ /٢٠١١/٤ ٢٦ی نەورۆزی ٢٧١٠



کارزان غەمگین:
**ئێوە مە یخوێننەوە با ئەوان بیخوێننەوە**

٢ ⬅



خۆشەویستی لەنێوان گەنجان بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت
**گە نجێك : (١١) پەیوەندی خۆشەویستیم هەیە**

٤ ⬅



ریکاردۆ کاکا:
**ریاڵ دەتوانێت لە ٤ یاریەکەی ئەمساڵ لەبەرشەلۆنە بباتەوە**

٧ ⬅

# مەخموور بۆ فرۆشتن

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**
بەهۆی کەمی پرۆژەی خزمەتگوزاریو وشکەساڵییەوە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی مەخموور ناوچەکانیان جێدەهێڵن.

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە قایمقامی مەخموور، ئاماژە بەوەکراوە کە لەماوەی سێ ساڵی رابردوو نزیکەی ١٥٠ ماڵ مەخمووریان جێهێشتووەو روویانکردۆتە شارەکان.
لەو بارەیەوە بارزان سەید کاکە قایمقامی مەخموور رایگەیاند "بەهۆی وشکەساڵییەوە ژمارەیەك هاوڵاتی ماڵەکانیان گواستۆتەوە، بەشی زۆری ئەوانەی دەرۆن لەبەرئەوەیە کە بەرژەوەندیان لێرە نەماوە"، لەبارەی بەرنامەی ئیدارەی مەخموور بۆ رێگرتن لەشالاوی بارکردنو گواستنەوە، بارزان سەید کاکە، وتی "ئێمە بەرنامەمان هەیە، راستە خەڵکانێك ناوچەکانیان جێدەهێڵن، لەهەمانکات خەڵکانێکیش کۆچی پێچەوانە دەکەنو گەڕاونەتەوە مەخموور".
بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) کەوتووە رێژەی ئەو هاوڵاتیانەی کە مەخمووریان جێهێشتووە زۆر لەو زیاترە کە باس دەکرێت، ئەگەرچی تەواوی زانیارییەکان لەلایەن ئاسایشی مەخموور تۆمارکراون، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون هیچ زانیارییەك بخەنەڕوو بەبێ رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك پەیوەندیمان پێوەکردن، بەڵام وەڵامییان نەدایەوە.
جێگەی ئاماژە پێکردنە وەکو لەم وێنانەی خوارەوە دەردەکەوێت لەناو سەنتەری قەزای مەخمووروو ناحیەکانی، هەروەها لەزۆرێك لەگوندو دێهاتەکان هاوڵاتیان خانووبەرەو کارگەو زەوی کشتوکاڵی دەفرۆشن، بەڕادەیەك لەهەر کۆڵانێکی مەخموور دەبینین لەسەر دیواری خانووەکان نووسراوە "خانوو بۆ فرۆشتن"، لەلایەکی ترەوە چەندین گوندو دێهات بەرەو چۆڵ بوون دەچێت، گوندی دارەخورما یەکێکە لەو گوندانەی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە زیاتر لە ٤٠ ماڵ گەرابوونەوە، بەڵام ئێستا تەنها پێنج ماڵ ماوە، هەروەها لەگوندی پالانی بەهۆی نەبوونی بینایەی قوتابخانە بەناچاری قوتابخانەکە دادەخرێت، لەهەر دوو گوندی قەسرانو گەرەسۆر زیاتر لە ٦٠ ماڵ بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری گوندەکانیان چۆڵ کردووە.
هەروەها زۆرێك لەدەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان بەهۆی دانەمەزراندنیان لەهەولێر بەدوای هەلی کار دەگەڕێن، هەموو ئەو هۆکارانە بووەتە هۆی ئەوەی کە هاوڵاتیانی مەخموور ناوچەکەیان چۆڵ بکەنو هەرچی خانووبەرەو کارگەو زەوی هەیە بیفرۆشن.



خانووێك لەمەخموور تابلۆی فرۆشتنی بەدیوارەکەی هەڵواسیوە




لەگوندی کۆزەپانکە تابلۆی فرۆشتی زەوی و ٣خانوو هەڵواسراوە



لەنزیك چوارریانی دیبەگە کارگەیەكو چەند ئامێرێك بۆ فرۆشتن

## ئەشواق کەمال: ٦٠٠ کەس لە مەخموورو دەوروبەری دادەمەزرێت

**کارزان غەمگین- مەخموور**
ئەشواق کەمال نوێنەری مەخموور لەئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ لەسەر لیستی برایەتی نەینەوا تایبەت بەرۆژنامەی (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "لەمیزانیەی ساڵی ٢٠١١ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ رێژەیەکی زۆری پلەی دامەزراندن درایە پارێزگاکانو پارێزگای موسڵیش ٢٨ هەزار پلەی بەرکەوتو دابەشکرایە سەر ئەو پارێزگایەو دەوروبەری بەپێی رێژەی دانیشتووان".
ئەشواق کەمال روونیشکردەوە "قەزای مەخمووریش ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس پلەی دامەزراندنی بەردەکەوێت، کە دابەشکراوە بەسەر مەخموورو دەوروبەری، بۆ ئەو مەبەستە لێژنەیەك پێکهێنرا دامەزراندنەکەش زۆر ئاشکرایەو هەموو کەسێك دەگرێتەوە بەپێی بڕوانامە".
وتیشی "ئێمە لە رۆژی ٣/٣١ مامەڵەی خەڵکمان وەرگرتو ئێستاش خەریکی ژماردنو جیاکردنەوەی فایلەکانین، لەناو ئەوانەی داوای دامەزراندنیان هەیە فۆرمی خۆراکی هەولێربووە یان دامەزراوە دووبارە داوای دامەزراندنی کردۆتەوە، هەشیانە تەمەنی لە خوار ١٨ساڵیە یان تەمەنی گەورەیە ئەوانەمان لابردووە، بۆیە ئەولەویات



ئەشواق کەمال

زیاتر بۆ ئەوانەیە کە بەگرێبەست دامەزراون". لەبارەی چۆنیەتی دامەزراندنی هاوڵاتیانی مەخموور، نوێنەری مەخموور لەئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، وتی "نزیکەی ٢٠٠٠ کەس داوای دامەزراندیان کردووە بۆ ئەو مەبەستە، ئەوانەی بە پلە یەك دەیانگرێتەوە دەرچووی زانکۆکان ئینجا پەیمانگاو ئامادەییو تادوایی، هەر بەشێك بێ بڕوانامەش دەیانگرێتەوە بۆ پاسەوانیو بەردەستو خزمەتگوزار، هەروەها مەرجی ئەوەشمان داناوە فۆرمی خۆراکی موسڵ بێتو دانیشتووی سنووری مەخموور بێت، هەروەها پێویستی بەدامەزراندن بێت، ئەگەر بڕوانامەیشی نەبێت، ئێستا کارەکانمان لێرە لەکۆتایی دایە، دواتر رەوانەی پارێزگای موسڵ دەکەینو لەوێش لێژنەیەکی تر تەماشای دەکاتەوە، پێشبینی دەکەم لەوێش مانگێکی پێ بچێت تا تەواو دەبێت".
سەبارەت بەو دەنگۆیانەی گوایە فایلەکان چووەتە بارەگای حیزبێکی دیاریکراوو دەستکاری کراوە ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ رایگەیاند "من سەرۆکی ئەو لێژنەیەمو فایلەکانیش لەبەر دەستی خۆمانەو نەچووەتە هیچ بارەگایەکی حیزبییەوە، هەروەها ئەوانەی داوای دامەزراندنیان کردووە لەهەموو لایەنێکی سیاسی تێدایەو جیاوازی نەکراوەو لەسەر بنەمای مەخموورچێتی کارمانکردووە نەك حیزبایەتی".

## "کەمپینی داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی هاوڵاتیانی مەخموور" راگەیەنرا



**تایبەت بە دەنگی مەخموور**
دوای بەستنی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەرۆژی ٣/١٢ دەستەی دامەزرێنەی کەمپین لە شاری مەخموور لەبەیاننامەیەکدا "کەمپینی داکۆکیکردن لەمافە رەواکانی هاوڵاتیانی مەخموور"یان راگەیاند.
لەبارەی راگەیاندنی ئەم کەمپینە، بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموور رایگەیاند "هەر کەسو لایەنێك ئەگەر بێتو کارێکی باش بۆ مەخموور داوابکات ئەوا ئێمە لەگەڵیداینو ئەوەی ئێوەش پێی هەڵساون زۆرێك لەو داواکارییانە ئێمە پێشتر داوامان کردووە، بۆیە بەڵێنتان پێدەدەم کە ئەو داواکارییانە بگەیەنمە پارێزگای هەولێرو کاری بۆ بکەین".
بەختیار محەمەد وەکو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەی کەمپین، وتی "کەمپینی مەخموور هەوڵێکە بۆ پشتگیریکردن لەمافی هاونیشتیمانانی مەخموور، زۆر دەمێکە لەبیری دامەزراندنی کەمپینێك داین بۆئەوەی بەرێگەیەکی مەدەنی رووی داواکارییەکان ئاڕاستەی سەرجەم لایەنەکان بکەین، پێموایە ئەمە خاڵێکی وەچەرخانە لەمێژووی رۆشنبیریو هۆشیاری ئەو ناوچەیە".
بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامەکەمان کەوتووە دوا بەدوای راگەیاندنی کەمپینی مەخموور، دوو کەمپینی تر دامەزراوە، بەڵام تائێستا بەئاشکرا رانەگەیەنراون.

٣ ⬅

**قایمقامی قەزای مەخموور لەحوزەیرانی ئەمساڵ دەست لەکاردەکێشێتەوە**

٢ ⬅